# ترسی مەسیحییەکانی موسڵ..... دەربەدەرکردنیان بەردەوامە



**سەباح شامایا**

نیشتەجێی شاری موسڵ لەمەسیحییەکانی عێراق لەماوەی دوایيدا وتاکو ئامادە کردنی ئەم بابەتە تووشی زنجیرەیەک لەکردەوەی توندوتیژی وترساندن وکوشتن هاتن، بەئاشکراو بەبەرچاوی دام ودەزگاکانی ئەمنی هەرەشەی کوشتنیان و ئاوارەبوونیان لێدەکرێت، بەرامبەر بێدەنگی بەرپرسانی حکوومی وئەمنی.

کێشەکانی مەسیحییەکانی موسڵ رۆژ بەرۆژ تەشەنەدەکات، ئەگەربێت و وابروات وادیارە پاش ماوەییەکی کورت شاری موسڵ دانیشتووانی لە مەسیحیەکان چۆڵدەکرێت.

ئەمەی ئەمرۆ شاری موسل کەوتۆتە بەر شاڵاوی توندوێژی تیرۆرستان، هەمان کردەوکان لەکردوەوەی ترساندن وتۆقاندن وکوشتن لە (دۆرە) ی بەغدا روویداوە.

ئەم کردەوانە لەلای هەموو کەسێک روون وئاشکرایە بەپلانی دارێژراو ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەوەی شارەکە لەمەسیحییەکان بەتاڵ بکرێت وواز لەداواکاری مافەکانیان بهێنن مولک وخانوو بەرەیان زەوت بکەن، ئەم کردەوە تیرۆرستانە لەگەل نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی بەرلەمانی عێراق لە (٧) ی ئاداری داهاتوو ئەنجام دەدرێن.

زانیارییەکان ئاشکران، لایەنە سیاسە توندرەوەکان بەرپرسن لەم جۆرە کردەوانە بۆفشار خستنە سەر مەسیحییەکانی شارەکە بەجێهێڵن، هەر چەندە دام ودەزگاکانی ئەمنی شارەکە بەرپرسی یەکەمن لەپاراستنی گیانی هاولاتیان بەجیاوازی بیروبۆچوونی ئایینی ونەتەوەیی، ئەم کردەوانە دووبارە بووە وبەهەزاران خێزانانی مەسیحی موسڵیان جێهێشت بەر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی میللی پارێزگاکان.

هەڵمەتەکانی تیرۆستان لەترساندن وتۆقاندن بەرلەئێستا دارێژراوە لەسەرەتای تشرینی یەکەم ٢٠٠٨ بووەتە هۆی کۆشنی (٤٠) مەسیحی وئاوارە بوونی ١٢ هەزارکەس لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە وئەرکە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی فشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق لێپێچانەوە هەبێت بۆ بەرگری کردن لەسەر ژیانی رۆڵەکانی خۆی بکات بەتایبەتی کەمینەکان کەبەشێکی سەرەکی ئەم ولاتەن، بەلام بەداخەوە تاکو ئەم ساتە گوێبیستی ئەنجامی لکۆلینەوە نەبووینە، گوێمان لەحکوومەت نەبووەئیدانەی کردەوە تیرۆرستەکان دەرهەت بەمەسیحییەکان بکات.

حکوومەت ودەزگاکانی ئەمنی کەسانێکی نادیار تۆمەتبار دەکات کەئەم کردەوە توندوێژییانە ئەنجام دەدەن. لەناوەراستی مانگی کانوونی دووەم بەتایبەتی دوای جەژنەکان شاڵاوی کوشتن وتۆقاندن دژبەمەسیحییەکان پەرەی سەندووە، رۆژانە مەسیحییەک دەکوژرێت، هەروەها سێ کەنیسە کەوتنە بەرتەقینەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ژمارەیەک لەمەسیحییەکان بەرلەجەژنەکان بەدەست چەکدارە توندرووەکان گیانیان لەدەستدا.

کەنیسەکان بەبەردەوامی تووشی هێرشی تیرۆرستان دەبن وئەمەش بووە هۆی ڕاکردنی هاوڵاتیانی مەسیحی بۆ دەرەوەی شار بۆ ناوچەکانی دەشتی موسڵ و هەرێمی کوردستان.

# ڤالانتاین و جەژنی خۆشەویستی

**ئامادەکردنی/ بیث عنکاوا**

جەژنی خۆشەویستی بەیەکێک لەجەژنەکانی نوێی جیهان دادەندرێت، سەرەتایەکەی دەگەرێتەوە سەردەمی رۆمانییەکان، لەوکاتەدا لەسەدەی سێهەمینی زایینی ئیمبراتۆری رۆمانی فەرمانرەوایی رۆمانییەکانی دەکرد بەهۆی خەریکبوونی بەشەڕو جەنگەوە، ژنهێنانی لەسەر سەربازەکانی قەدەغەکردو وەبەژن هێنانەوە خەرێک ئەبن وتەنها خۆئامادە باشی بن بۆ جەنگ، بەلام ڤالەنتاین کەپیاوێکی ئایینی بوو لەدژی ئیمبراتۆری رۆمانییەکان وەستا وگرێبەستی ژنهێنانی بۆسەربازەکان ئەنجامدا.

باشی ئەوەی ئیمبراتۆر بەوەی زانی دەستگیری کردو لەسێدارەدانی بەسەر سەپاند، وەلەرۆژی ٢/١٤/ ٢٧٠ ی زایینی کوژرا.

دواتر قەداسەتی پاپا رۆژی کوژرانی ڤالەنتاینی ی قدیس کردە رۆژی جەژنی خۆشەویستی وەپێشی دەوترێت جەژنی عاشقان.

لەسەرەتاوە ئەم جەژنە لەوڵاتانی رۆژئاوا تەشەنەی کرد دواتر بەرە بەرە سەرجەم وڵاتانی جیهانی گرتەوە وەبوو بەجەژنێکی جیهانی.

ئەمرۆ رۆژی ٢/١٤ ی ڤالەنتاین بەجەژنی خۆشەویستی لەهەموو جیهان ناسراوە، ئەورۆژەیە وەک هێمایەک بۆخۆشەویستی بەگولێکی سوور عاشقان ودۆست وهاورێیان پەیمانامە دووپات دەکەنەوە بۆیەکتری بەدڵێکی پڕ لەخۆشەویستی وبەشێوازی جیاواز لەم رۆژە ئاهەنگ دەگێرن.

هیچ ئەندامێک لەناو کۆمەڵگا بەبێ خۆشەویستی ناژێت، هیوادارم لەهەموو کەسێک ئەم رۆژە بەدڵێکی خۆش بەرێیەکەن، چونکە وشەی خۆشەویستی گەورەترین وشەی گەردوونە لەسەربناغەی وەفاو رێز لەیەکترگرتن دانراوە، ژیان هەردەم بەخۆشەویستی بەرێوەببەن، هاورێیاتی لەنێوانیان بەتین بکەن، خۆشەویستی بەدرێژایی ژیان هەر لەسەردەمی ئادەم وحەوا تاکو دواچرکە لەژیان بەردەوامە.

خۆشەویستی جۆراوجۆرە، رەنگاورەنگە بۆنموونە: خۆشەویستی نیشتمان، دایک وباوک، خوشک وبرا دۆست وهاورێیان....... هتد. هاورێیەتی وخۆشەویستی هیچ جیاوازیکیان نی یە تەنها وشەکان نەبێت ئەگەر خۆشەویستی هاورێیەتی بەرجەستەنەکرێ نسکۆ دێنی وەئەگەر هاورێیەتیش بەخۆشەویستی نەبێت هەمان شێوە فەشەل دنێیت.

هاورێیەتی وخۆشەویستی شێوەی زۆرە، هاورێیەتی وخۆشەویستی لەنێوان مامۆستا وقوتابی چەند جوان وبیگەردە،لەنێوان دایک وباوک ومناڵانیان چەند پیرۆزە چونکە لەسەر بنچینەی سۆزو وەفا راستگۆیی یە، هاورێیەتی لەنێوان دوو رەگەزی جیاواز چەند جوان وقووڵە چونکە بەراستگۆیانە لەگەل یەکتر مامەڵە دەکەن، بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی لەرێگەی هاورییەتی سەرکەوتووترە هاورێیەتی زۆر پیرۆزو خۆشەویستە وهەوێنی ژیانێکی ئارامە.



# هەڵبژاردن....

**پێشکەشە بەهەموو خەمخۆرو بەش خۆراوانی ولاتم**

هەڵبژاردنە. هەڵبژاردن..
ماف وئەرک. ڕەخساندنە..
تۆی تاکی ئەم کۆمەڵە..
لەمێژە ولەم سەردەمە..
هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ یە
بوی بە هەژدە ساڵەوە
بە عەقل وژیری ئێستاوە
کار ودەرفەت ڕەخساوە
بکەی گوزارشت لە خۆوە
بەکاندید وپاڵێوراو دەرفەتە
هەڵبژێرە بە دڵی خۆت
خۆت نەکەی بێ بەش وفەرامۆش
بێ دوو دڵی ولاوازی
مافی خۆت. بەدەنگدانە
نە هاوار ونەخۆ تێکدان
پرسی گرنگ وبەردەوامی ژیانە

بە ئاهەنگ وگۆرانی
بەخۆشی وکامەرانی
هەموو بە تاک وکۆ
بەرەو بنکەکانی دەنگدانە
زۆر بەجۆش وخرۆشی
بە سەربەستی وئازادی
هەستی خۆمان دەردەبڕین
کارتی زانیاری بەدەست دەگرین
بەفۆرم ودەستە مۆرکردن
بە متمانە وسەربەرزی لە دەنگدان
خۆشەویستی وبڕواهێنانە بەو کەسانە
کە چارەنوسمان لەدەست وانە
بێ درێغی وبە ئیمانە
دابین کردنی خۆشترین ژیانە
(بۆ ئێستاکەو داهاتوومانە) قەدەرمانە
نیشانی (ڕاست) دەدەین لە ڕاست ئەو کەسانە
نوێنەر وپاڵێوراوی ڕاستەقینە

لەخۆ بردەو خاوەن بڕیار
بە ئەمەک وبەوەفا وچوست وچالاک
لە بڕیار ولە یاسادانانا
کە بۆ بەرژەوەندی فەقیر وهەژارانە
بۆ پرسی گەنج ولاو ومنداڵان
ئافرەتان. خانمان. قوتابیان
کەس وکاری ئەنفاڵ وشەهیدان
زیندان ودوورخراو ولەیاد نەماوان!
پێشمەرگە ولێ قەوماوان..
کرێکار ومامۆستا وجوتیاران
بۆ گوند ولادێ وخەرابات
بەتێکۆشان وهەوڵ دان
دەستور ویاسا ودادوەری
ئامانجی هەموان بێتە دی
سەروەت وسامانی ولات
ببێتە ماف ودەسکەوتی هەموان..
ئیتر سوپاس

**عەدنان ئیلیا برایمۆک**

# کیمیاوی تاکە کەس نەبوو....

**ئا/ باوکی نیاز**

لاپەڕەکانی مێژوو سەروژێر بکەین بەدەگمەن گوێبیستی ئەندامێک بین وەک علی کیمیاوی کەنزیکترین کەسە لەسەدام حوسین ودەستەراستی بووە لەجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی، زۆر زەحمەتەکەسانێک هەبن وەک ئەم توخمە، ئامێرێکی بەکۆمەڵ کوژ بووە، هەر گرفت وکێشەیەک بەکوشتن بەفەرمی ئەو کۆتایی پێهاتووە، بگرە لەنزیکترین کەس لەم کێشەیە هەتا ئەگەربێت وجێگای متمانەبێت، مامۆستاییێکی لێهاتوو بووە لە زوڵم وزۆرداری خاوەن قوتابخانەیەکی خودی خۆی بووە، قوتابییەکی بەهرەدار بووە لەپەیمانگای توندوتیژی و خوێنرێژی، ئەگەر تەکلیف بکرابا یە لە تێکدانی خانووەبەرەی گومان لێکراوێک، دێهاتێک لەگەل دارو دارستانەکانی لەگەڵ ئەرز تەفت دەکرد.

بەکوێ بڕوات وبگەرێت لەدواوەی کارەسات بەجێدەهێشت لەگۆری بەکۆمەڵ کوژی ودەریایەک لەفرمێسکی گەلەستەم لێکراو، تێکدەربوو، تیرۆرست بوو، سووتێنەر بوو، هیچ سەنگەرێک رێگری نەبوو لەتەعەدا کردن لەهاوڵاتیان، رەحمەتی لەدڵدا نەبوو......

رق وقینەی رێشتە سەر گەلی کورد وشیعەی ئاگرباران کرد، لەوخزمەتگوزارییانەی پێشکەش بەگەلی عیراق کردو شانازی پێوەدەکرد سووتاندنی حەلەبچە بەچەکی کیمیاوی وهەڵمەتە بەدناوەکەی ئەنفال و قەسابخانەی راپەرینی باشوور، کوشتنی حسین کامل بەتۆمەتی خیانەتکاری بوون، لیستی خزمەتگوزاری زۆر درێژە ئەوەشمان لەبیرنەکرێت کردەوەکانی لەکوێت. کیمیاوی لەسێدارە درا هەر چەندە خۆی لەو رۆژەی سەدام حوسین لەسێدارە درا وبتەکەی لەگۆرەپانی فردۆس شکاندرا لەو رۆژەوە کیمیاوی لەسێدارە دراوە، بەپێی پێویست دەزانم ناوی لەکتێبی غینیس تۆمار بکرێت تاکو بەدرێژایی مێژوو لەبیر نەکرێت وریسوا ونەعلەتی لێبکرێت

هەقە وبەراستی دەزانم گەلی کورد لەعیراق وغەیری عیراق ئاهەنگ بگێرن، چونکە جەلادی کوردستان شکستی هێنا لەخۆ رزگار کردن لەدەم عەدالەت ولێپرسینەوە وسزادان.

هەروەها هەقە عیراقییەکانی تربێجگە لەگەلی کوردستان بحەسێنەوە چوونکە رۆژی زوڵم وستەم وزۆرداری هەتا هەتایێ نەما، بەلام رەخنە ونووسین لەسەر ئەم جەلادە زەبەلاحەمانای ئەوەنییەجێی پەنجەی جەلادەکانی ترلە لەبیر بکرێن ئەو کەسانە بۆیان نەروخساچەکی کیمیاوی بەکاربهێنن، ئەم کەسانەش ژمارەیان زۆرە.

ئێمە وەک هاووڵاتی عێراقی یان وەک هاولاتیەکی هەرێمی کوردستان نابێت تەنها کیمیاوی ریسوا وڕووڕەش بکەین وئەوانی تر لەبیربکرێن.

هەر کەسێک بەکیمیاوی تومەبتار دەکرێت دەستی لەخوێندرێژی عێراقییەکان هەبووە، لەسەردەمی سەدام حسین وپاش رووخانی رژێمەکە، ئەوانەی بەبیانۆی ڕووخانی رژیمی گۆربە گۆر تۆمەتبار کراوە لەکوشتن وراوونانی بێتاوانان دەستیان لەئاوارە بوون وسیاسەتی تایفەگەری ومەزهەبی هەبووە.

هەر کەسێک دەستی لەدرێژە پێدانی زوڵم وزۆرداری وترساندن وتیرۆریستی هەبووە، هەرکەسێک دەستی لەفڕاندن ودزینی دام ودەزگاکانی هەبووە، هەرکەسێک رێگر بووە لەپەیرە وکردنی مومارەسەی دیموکراسی... هتد.

کیمیاوی نەما گۆڕ بەگۆڕ بوو، پرسیارەکە ئاراستەی عێراق دەکرێ، ئەو کەسانە کیمیاوین وهۆکارن لەدرێژە پێدان و لەیەکترازانی گەلی عیراق، ئەو کەسانە کیمیاوین مەرامیان هەیە لەدواکەوتنی عیراق ئەو کەسانە کیمیاوین نیشتمان پەروەری بەپڕەوناکەن ودژایەتی دەخەنە نێوان پێکهاتە ئایینی ومەزهەبی، کیمیاوییەکان ئەو کەسانەن کورد ومەسیحییەکان وکوردی یەزیدییەکان وشەیەک لەشاری موسل دەکوژن ودەربەدەریان دەکەن.

ئەوکەسانە کیمیاوین مەرامیان هەیە لەدواکەوتنی عێراق گەڕاندنەوەی بۆ دواوە.

